
# ئاردی ناو دڕکی مێژوو؛ لە هەڵوەشانەوەی باوکەوە بۆ هەرەسی یادەوەری

خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ ڕۆمانی "ناوی خۆیان بیرنەماوە"ی ئارام محەممەد

**نووسینی: جووتیار قارەمان**




١٥ی نیسانی ٢٠٢٦ وتار

کاتێک دەقێکی چڕی وەک ڕۆمانی "ناوی خۆیان بیر نەماوە"ی "ئارام محەممەد" دەخوێنمەوە، ڕاستەوخۆ خۆم لە بەردەم تاقیگەیەکی گەورەی دەروونی-کۆمەڵایەتیدا دەبینمەوە کە تێیدا جەستە دەبێتە دەق و یادەوەری دەبێتە زیندان. ئەم ڕۆمانە تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکێکی سادە نییە، بەڵکو هەڵکۆڵینێکی شوێنەوارناسانەیە لە ناوچە تاریکەکانی دەروونی مرۆڤی کورددا لە دوای کارەساتە گەورەکان. نووسەر لێرەدا بە زمانێکی هێمن بەڵام پڕ لە ماناکایەی "بوونی مرۆڤ" و "ناونان" تێکەڵ دەکات و دەمانخاتە ناو پرسیارێکی قووڵەوە: ئایا مرۆڤ بەبێ یادەوەری و بەبێ ناو دەتوانێت خاوەنی "بوون" بێت؟

**ونبوونی ناسنامە لە تەمومژی ترۆماکانی مێژوودا**

ڕۆمانی "ناوی خۆیان بیر نەماوە" لە ڕووی بنیادییەوە لەسەر تەوەری "تیشکی شکاو" کار دەکات؛ واتە گێڕانەوەیەک کە نایەوێت ڕاستەوخۆ ڕاستییەکانمان پێ بڵێت، بەڵکو لە ڕێگەی وردەشووشەی یادەوەرییەکانەوە دیمەنەکانمان بۆ دەسازێنێت. لە ڕوانگەی پۆستستراکچەریزمەوە، "ناو" تەنیا نیشانەیەک نییە بۆ ئاماژەدان بە کەسێک، بەڵکو ناو ماڵێکە بۆ نیشتەجێبوونی بوون. کاتێک کارەکتەرەکانی ئارام محەممەد ناوی خۆیان بیر دەچێتەوە، ئەمە تەنیا نەخۆشییەکی کلینیکی نییە وەک ئەوەی کە پێی دەگوترێت لەبیرچوونەوە (Amnesia)، بەڵکو جۆرێکە لە "نامۆیی بوون" و ونبوونی مێژووە لەناو تەمومژی لەبیرچوونەوەدا. نووسەر لێرەدا تەکنیکی "پێکهاتەی بازنەیی" و "پچڕانی کاتی" بە کار هێناوە بۆ ئەوەی خوێنەر هەست بەو سەرگەردانییە بکات کە سەلما، تابان، بوشرا و مستەفا تێیدا دەژین. ڕاستییەکەی، ئەم ڕۆمانە وەک ئاوێنەیەکی شکاو وایە؛ هەر پارچەیەکی چیرۆکی یەکێک لەم کەسایەتییانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هیچ کام لەم پارچانە وێنەیەکی تەواومان پێ نادەن، چونکە خودی "ناسنامە" لەم ژینگەیەدا پارچەپارچە بووە. وەک دەبینین، بوشرا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا لە بەردەم باڵەخانەیەکی بەرزدا ناوی خۆی بیر دەچێتەوە، ئەمە لووتکەی تێکشکانی منی بیرکەرەوەی بڕیاردەرە لە بەردەم بنیادە گەورەکانی دەسەڵات و مێژوودا. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئارام محەممەد لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی وجودی و بەتایبەت چەمکی "نامۆبوون"ی سارتەر و کامۆدایە، بەڵام بە بەرگێکی کوردی و لەناو جەرگەی کارەساتی ئەنفالدا.

لە ڕوانگەیەکی فێمینیستییەوە، ڕۆمانەکە جەستەی ژن وەک جەستەی نەتەوە نیشان دەدات کە دوچاری توندوتیژی و سڕینەوە بووەتەوە. سەلما کە منداڵەکەی لە باوەشدایە و لە زیلەکەدا دانیشتووە، یان تابان کە بە دەست ژانەسەر و یادەوەریی برا و مێردە ونبووەکەیەوە دەناڵێنێت، تەنیا کارەکتەری ناو چیرۆک نین، بەڵکو "مێتافۆر"ی مێژوویەکی بێدەنگکراون. نووسەر تەکنیکی "خۆدوێنی(مۆنۆلۆگ)ـی ناوەکی" بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بە کار هێناوە بۆ ئەوەی نائاگایی ئەم ژنانە دەربخات. ژن لێرەدا ئەو بوونەوەرەیە کە قورسایی هەموو ونبووەکان هەڵدەگرێت؛ ئەوان ناوی ونبووەکانیان لە بیرە بەڵام ناوی خۆیان لە بیر دەچێتەوە، ئەمەیش قوربانیدانێکی تراجیدییە کە تێیدا "خود" دەبێتە قوربانی بۆ پاراستنی "یادەوەریی ئەوی تر". ئارام محەممەد بە توانیویەتی جەستەی ژن لە خودێکی سێکسیـ یان کۆمەڵایەتییەوە بگۆڕێت بۆ "گۆڕستانێکی گەڕۆک" کە ئیسکوپرووسکی مێژووی تێدا نێژراوە. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە سیمۆن دو بوڤوار وەک تێکشکانی بنیادی جێندەری لەناو توندوتیژیدا باسی لێوە دەکات. لێرەدا "ناو" دەبێتە بارێکی گران، چونکە هەر ناوێک هەڵگری مێژوویەکی پڕ لە خوێنە، بۆیە "لەبیرچوونەوە" دەبێتە تاکە ڕێگەی مانەوە.

تەکنیکی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا لەســــەر بنەمای "فرەدەنگی" بنیاد نراوە، بەو مانایەی کە نووســــەر ڕێگەی داوە بە هەموو دەنگەکـان بێنە نـاو کـایەی گێڕانەوەوە. ئێمە تەنیـا دەنگی گێڕەرەوەی هەمووشــتزان نابیســتین، بەڵکو دەنگی بوشرا، مســتەفا، کاژین و تەنانەت دەنگە مۆتەکەییەکانی ناو خەونەکانیشـــیان تێکەڵ دەبن. ئەم فرەدەنگییە خزمەت بە ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دەکات، چونکە لە جیهانێکدا کە مرۆڤەکان ناوی خۆیان بیر نەماوە، ناتوانرێت تەنیا یەک گێڕانەوەی ڕەها هەبێت. ڕاســتی لێرەدا پەرشــوبڵاوە. ئارام محەممەد بە بەکارهێنانی "ڕیالیزمی دەروونی" توانیویەتی ســنووری نێوان خەون و کەتوار (واقیع)، مەرگ و ژیـان بپێچێتەوە. بۆ نموونە، ئەو دیمەنـانەی کە تێیـدا ئیسـکوپرووسـک و کەلوپەل و پاشـماوەی مردووەکان لەگەڵ زیندووەکاندا قسـە دەکەن، نیشـانەی ئەوەیە کە لە مێژووی ئێمەدا مردووەکان هێشـتا نەنێژراون و لەناو ماڵەکانماندا پیاسـە دەکەن. ئەمە جۆرێکە لە "گۆتیکی کوردی" کە تێیدا ترس نەک لە جنۆکە و شـــەیتان، بەڵکو لەو ڕابردووەیە وا نایەوێت کۆتایی بێت. نووســەر لێرەدا زۆر بە وردی "کات"ـــــی تێک داوە؛ کات لێرەدا هێڵی نییە، بەڵکو بازنەییە و هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی "ترۆماکە".

لایەنێکی تری بەهێزی ئەم دەقە بەکارهێنانی "سیمبولیزمی شوێن"ــە. ماڵە کرێچییەکان، شووقەکانی ئیســـکان، بیابانەکانی ســـەماوە و، ئەو باڵەخانە بەرزە بێدەنگەی کۆتایی، هەموویان ئاماژەن بۆ بێشـــوێنی. مرۆڤی کورد لەم ڕۆمانەدا "کۆچەرییەکی دەروونی"ـــــیە؛ تەنانەت کاتێک لەناو ماڵی خۆیشـیدایە هەست بە بێگانەیی دەکات. ئارام محەممەد لێرەدا بە شـێوازێکی مارکسـییانە ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن پەیوەندییە ئابووری و چینایەتییەکان (وەک کێشـەی کرێچێتی و هەژاری) قورسـایی ترۆماکە دووهێندە دەکەن. مســـتەفا کە دەیەوێت ئۆتۆمبێلێکی بچووک دروســـت بکات یان ئەو کەسانەی خەریکی بازرگانی ئیسـکوپرووسکن، نیشـاندەری ئەو کۆمەڵگە شـێواوەن وا تێیدا تەنانەت کارەسـاتەکانیش دەبنە کاڵا. ئەم ڕۆمانە ڕەخنەیەکی توندە لەو سـیسـتمە سـیاسی و کۆمەڵایەتییەی مرۆڤی کردووە بە "ژمارە" و "ناســـنامەی بایۆلۆجی" و ڕێز لە "ناو" و "بوونی مرۆیی" ناگرێت. لێرەدا فۆرم و ناوەڕۆک بە جۆرێک یەکیان گرتووە کە زمانە پچڕپچڕەکە بووەتە ئاوێنەی ژیانە پچڕپچڕەکە.

ئارام محەممەد بووەتە دەنگی ئەو کەســـانەی کە مێژوو زمانەکەی لێ بڕیون. ئەو بە بەکارهێنـانی تەکنیکی "تاریک-ڕوون" لە وەسفەکانیدا جەستەی مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری بە جۆرێک کێشاوە کە خوێنەر هەســـت بە خنکان دەکات. ئەمە خاڵی هێزی ڕۆمانەکەیە؛ گواســـتنەوەی هەســـتی "خنکـان" لە کـارەکتەرەوە بۆ خوێنەر. بەڵام لە هەمـان کـاتـدا هەنـدێـک جـار درێژدادڕی لە

خۆدوێنییەکانـدا دەبێتە هۆی ئەوەی ڕیتمی ڕووداوەکان خـاو ببنەوە کە ئەمەیش دەکرێت وەک خاڵێکی لاواز لە ڕووی "تەکنیکی بیناکردنی درامی"ـــــیەوە ببینرێت. هەر ئەوەیش وای لە من کرد بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە قەبارە بچووکە کاتێکی زۆرم پێ بچێت.

## زمانی بێدەنگی لەنێوان فەزای بیابان و تەلارە بەرزەکاندا

ئارام محەممەد لەم دەقەدا جەستەی کارەکتەرەکانی کردووە بە تەختەیەکی سپی کە مێژوویەکی ڕەش و پڕ لە برینی لەسەر دەنووسرێتەوە. لێرەدا ئێش و ئازار تەنیا دیاردەیەکی جەستەیی نین، بەڵکو زمانێکی جێگرەوەن بۆ ئەو وشـــانەی کارەکتەرەکان نـاتوانن یان نـاوێرن دەریانبڕن. کاتێـک تـابان دوچـاری ژانەسـەرێکی بێوچان دەبێت، یان لەیلان هەسـت دەکات مارێک لەناو سـەریدا گینگڵ دەدات، لێرەدا جەستە دەبێتە "هۆکاری بوون لە جیهاندا". لەم ڕۆمانەدا جەستەی مرۆڤی کورد "هەوێنی ئێش"ـــە. ئەوانەی لە بیابانەکانی سەماوە گەڕاونەتەوە یان ئازیزێکیان لەوێ ون بووە، جەستەیان وەک ئامێرێکی تۆمارکەر کار دەکات. لەبیرچوونەوەی ناوەکان لە ڕاســـتیدا "کۆچکردنی مانا"یە لە زمانەوە بۆ ناو دەمار و خانەکانی لەش. نووســـەر بە لێهاتووییەوە نیشـــانمان دەدات کە چۆن ترۆما لەناو کایەی زمانـدا جێگەی نـابێتەوە، بۆیە دەبێتە پەڵەی ڕەش لەســـەر پێســـت، دەبێتە لەرزین و دەبێتە ئەو بێدەنگییە ترســـناکەی کە بوشرا و کارەکتەرەکانی تری تێدا نوقم بوون. ئەم ڕەوتە جۆرێکە لە گۆڕینی وزەی دەروونی بۆ نیشانەی جەستەیی تا کەسەکە لە تەقینەوەی دەروونی بپارێزێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم پاراستنە دەبێتە هۆی داخورانی بوونی کەسەکە.

تەکنیکی گێڕانەوە لە بەشی دووەمی ڕۆمـانەکەدا زیـاتر بەرەو "هـاونیشـــتمـانیبوونی وڕێنە و کەتوار" دەچێت. نووسەر لێرەدا فەزایەکی وەها دەسازێنێت کە تێیدا سنووری نێوان ژووری ماڵەکان و بیابانی ســـەماوە دەسڕێتەوە. بیابان لێرەدا تەنیا شـــوێنێکی جوگرافی نییە، بەڵکو "مێتافۆر"ی نەمانی مانا و سـەرگەردانییە. ژیلان و بوشرا کاتێک سـۆراخی ئیسـکوپرووسـکی ونبووەکانیان دەکەن، لە ڕاسـتیدا بە دوای پارچەکانی خۆیاندا دەگەڕێن. گێڕانەوەکە لێرەدا لەسەر بنیادی "تارمایی" کار دەکات؛ مردووەکان وەک "تارمایی" ئامادەن و ڕێگە نادەن زیندووەکان بە ئارامی بژین. بازرگانیکردن بە ئیسـکوپرووسـکی مردووەکانەوە کە بورهان زنجاری نوێنەرایەتیی دەکات، نیشـــاندەری داڕمانی بەها مرۆییەکانە لەژێر

سایەی سیستمێکی سەرمایەداریی درندە و مێژوویەکی خوێناویدا. نووسەر لێرەدا بە زمانێکی پڕ لە ئیدیۆم و کینایە، باس لەو "ئاردی ناو درک"ـە دەکات کە ژیانی کارەکتەرەکانی پێ دەگوزەرێت. هەموو شتێک لێرەدا ساختەیە؛ تەنانەت ئەو ناسنامە و ناوانەی حکومەت بۆ ونبووەکانی دروست دەکات، تەنیا بۆ داپۆشینی تاوانە گەورەکانە. ئەم بێباکیەی دەسەڵات بەرانبەر بە "ناو" و "ڕاستی" دەبێتە هۆی ئەوەی کارەکتەرەکان متمانەیان بە خودی "ڕاستی" نەمێنێت و پەنا بەرنە بەر جیهانی خەون و وڕێنە. لێرەدا تەکنیکی "پارچەپارچەکردنی گێڕانەوە" دەبێتە ئاوێنەی ژیانە پارچەپارچەکەیان.

لە ڕووی بنیادی تەلاری ڕۆمانەکەوە شوێن ڕۆڵێکی کارا و درامی دەبینێت. باڵەخانە بەرزە بێدەنگەکە لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا کە بوشرا تێیدا زیندانی دەکرێت یان خۆی تێدا دەبینێتەوە، هێمایەکی قووڵی "نامۆبوونی شارستانی"ـــیە. ئەم باڵەخانەیە بەبێ مەسعەد و بە پلیکانە شکاوەکانیەوە هێمای ئەو "هەڵکشانە ئەستەمە"یە کە مرۆڤی کورد بۆ گەیشتن بە ناسنامەیەکی جێگیر دەبێت بیبڕێت. ئارام محەممەد لێرەدا فەزایەکی "کافکایی" دەئافرێنێت؛ شـــوێنەکان تەڵەن، دەرگاکان کڵۆم دراون و کەس ناچێتە ژوورەوە یان نایەتە دەرەوە. جیاوازیی نێوان "ماڵ" و "زیندان" لەم ڕۆمانەدا نامێنێت. هەر شوێنێک کە یادەوەریی تێدا بێت، دەبێتە زیندان. نووسەر بە لێهاتووییەوە تەکنیکی "وەسفی وردی میکرۆسـکۆپییانە"ی بەکار هێناوە، بۆ نموونە کاتێک باس لە تۆزوخۆڵی سـەر ئاوێنەکان، یان ئەو مووروورانە دەکات کە لە ملی ژنەکاندا وەک "چاوەزار" بەسـتراون، دەیەوێت بڵێت ژیان لەم وردەکارییە بچووکانەدا کۆ بووەتەوە، نەک لە درووشـمە گەورەکاندا. ئەم شـێوازی نووسـینە کە لە ڕێژەییبوونی کەتوار دەدوێت، لە ڕەخنەی پۆسـتمۆدێرنیزمـدا وەک "گومـانکردن لە گێڕانەوە مەزنەکان" دەبینرێت. لێرەدا هیچ گێڕانەوەیەکی مەزنی نەتەوەیی یان دینی ناتوانێت چارەسەری ئازاری بوشرا و کاژین بکات.

یەکێکی تر لە خاڵە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی ڕۆمانەکە پەیوەندیی نێوان "ناو" و "دین و ئەفسانە"یە. چیرۆکی مەرقەدی "شـێخ بەهادین" کە لە بنەڕەتدا گۆڕهەڵکەنێک بووە و بە هەڵکەوت کراوە بە پیر و پیاوچاک، ڕەخنەیەکی توند و ژیرانەیە لە بنیادی پیرۆزیی سـاختە لە کۆمەڵگەدا. نووسـەر لێرەدا نیشـانمان دەدات کە چۆن کۆمەڵگە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشـاییە گەورەیەی کە ترۆما درووسـتی کردووە، پەنـا بۆ درووسـتکردنی ئەفسـانە دەبـات. لە جیهـانێکـدا کە بـاوکەکـان و مێردەکـان بێسـەروشـوێنن، مرۆڤەکان پێویسـتیان بە "باوکێکی پیرۆز" هەیە، تەنـانەت ئەگەر ئەو باوکە گۆڕهەڵکەنێکی بکوژیش بێت. ئەمە جۆرێکە لە "ئایدیۆلۆجیای قەرەبووکەرەوە" کە تێیدا مرۆڤ بۆ

ئەوەی لە شـێتی ڕزگاری ببێت، باوەڕ بە درۆیەکی پیرۆز دەهێنێت. نووسـەر لێرەدا تەکنیکی تەنزی بە شـێوەیەکی کاریگەر بە کار هێناوە؛ تابان کە جگەرە دەکێشـێت و بە دوای ڕاسـتیدا دەگەڕێت، تەنیا کەســە کە دەزانێت بنچینەی ئەو پیرۆزییە چییە، بەڵام بێدەنگی هەڵـدەبژێرێت. ئەم بێـدەنگییە "بێدەنگییەکی گەورە"یە کە هەموو جومگەکانی ڕۆمانەکەی تەنیوە. زمان لێرەدا ناتوانێت باری ڕاستی هەڵبگرێت، بۆیە کارەکتەرەکان ناچارن لەناو "کۆلاژ"ی یادەوەرییەکانیاندا بژین.

لە ڕووی زمانەوانییەوە ئارام محەممەد خاوەنی ســتایلێکی تایبەتە کە دەتوانین ناوی بنێین "زمانی دارماو". ڕســتەکان لێرەدا کورتن، پچڕپچڕن و زۆر جار بە پرســیار کۆتاییان دێت. ئەمەیش ڕێک گوزارشــتە لەو دۆخە دەروونییەی کە کارەکتەرەکانی پێیدا تێ دەپەڕن. نووســەر توانیویەتی فۆرمی گێڕانەوە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەدا یەک بخات. لەبەر ئەوەی ژیانەکان پچڕاون، زمانەکەیش نابێت ڕەوان و یەکپارچە بێت. بەڵام وەک لایەنێکی لاواز، هەندێک جار نووســەر دەکەوێتە داوی "دووبارەکردنەوەی وەســفەکان" کە دەکرێت خوێنەری ئاســایی ماندوو بکات. بۆ نموونە، وەســفی دۆخی ژانەســەر و شـێواوی لە چەندین شـوێندا بە هەمان شـێواز پاتەوپات دەبنەوە کە دەکرا بە تەکنیکی تر یارییان پێ بکرێت. ســەرەڕای ئەوەیش، توانای نووســەر لە ئافراندنی وێنەی مێتافۆریی وەک "سندووقی سوور" یان "پێڵاوە دزراوەکان" لەناو خەوندا دەقەکەی لە ئاستێکی ئەدەبیی بەرزدا هێشــتووەتەوە. ئەم وێنانە دەبنە کلیلە-هێما بۆ تێگەیشــتن لە نائاگایی نەتەوەیی ئێمە. ئێمە نەتەوەیەکین کە هەمیشە پێڵاوەکانمان لێ دەدزرێت یان لە دوای ئیسکوپرووسکەکانمان دەگەڕێین بەبێ ئەوەی بزانین بۆ کوێ دەچین.

"ناوی خۆیان بیر نەماوە" تەنیا ناونیشــانێک نییە، بەڵکو بانگەوازێکی بۆ دووبارە پێناســەکردنەوەی "خود" لە دوای هەرەس. نووســەر نیشــانمان دەدات کە "ناو" کاتێک دەسڕێتەوە، مرۆڤ دەبێتە "تەنی وێڵ" لەناو فەزایەکی بێماناد.

## هەڵوەشاندنەوەی بنیادی خێزان لەژێر سێبەری مێژوویەکی سەربڕاودا

لێرەدا پێویســتە ســەرنج بخەینە ســەر چەمکێکی زۆر گرنگی ئەدەبیاتی ترۆما کە ئەویش "پاش-یادەوەری" (Postmemory)یە. ئارام محەممەد لێرەدا وێنەی نەوەیەکمان بۆ دەکێشێت (مستەفا،

بوشرا، کاژین) کە خۆیان ڕاستەوخۆ کارەساتە گەورەکانی وەک ئەنفالیان نەبینیوە، بەڵام بە دەست "یادەوەرییە بەجێماوەکان"ـی دایک و باوک و نەنکەکانیانەوە دەتلێنەوە. ئەم نەوەیە پەیوەندییان لەگەڵ ڕابردوودا نەک لە ڕێگەی "بیرهاتنەوە"وە، بەڵکو لە ڕێگەی "خەیاڵکردن و وێنەگرتن"ـەوە دروست دەبێت. مستەفا کە سیمای کتومت لە باوکی دەچێت، ئەوەی ڕاستی بێت "شوێنگرەوەیەکی جەستەیی"ـیە بۆ باوکێکی ونبوو کە مێژوو ڕێگەی نەداوە ببێتە خاوەنی گۆڕێک. لێرەدا نووسەر تەکنیکی "ئاوێنەیی"ی بەکار هێناوە. کارەکتەرەکان وەک ئاوێنەیەک کار دەکەن کە وێنەی ونبووەکان تێیاندا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام ئەم ڕەنگدانەوەیە ئازاربەخشە، چونکە "خود"ی کارەکتەرەکە لەناو وێنەی "ئەوی تر"دا دەسڕێتەوە. ئەم پەیوەندییە پڕ لە کێشمەکێشە دەبێتە هۆی ئەوەی نەوەی نوێ هەمیشە هەست بە قەرزاری بکات بەرانبەر بە ڕابردوویەک کە هی ئەوان نییە، بەڵام وەک مۆتەکە باڵی بەسەر داهاتوویاندا کێشاوە. گێڕانەوەکە لێرەدا دەبێتە جۆرێک لە هەڵکۆڵینی شوێنەوارناسیی دەروونی کە تێیدا هەر پارچە دەستنووسێکی ژیلان یان هەر وێنەیەکی کۆنی سوڵتان نەراف دەبێتە بەڵگەیەک بۆ تاوانێکی بەردەوام.

لایەنێکی تری بنیادیی ئەم ڕۆمانە کە بە تەکنیکی "دەق لەناو دەقدا" ناسراوە، لە ڕێگەی باوڵە پڕ لە دەستنووسەکەی ژیلانەوە دەردەکەوێت. ژیلان وەک کارەکتەرێک کە خۆی دەکوژێت یان لەناو ئازاردا ون دەبێت، جێگەی "ئەرشیڤپارێز"ی خێزان دەگرێتەوە. ئەو دەستنووسانەی کە مستەفا و بوشرا دەیاندۆزنەوە، گێڕانەوەیەکی تری مێژووە کە لە پەراوێزی گێڕانەوە فەرمییەکاندایە. نووسەر لێرەدا دەیەوێت بڵێت ڕاستی تەنیا لەناو کاغەزە هەڵگیراوەکاندا دەدۆزرێتەوە. ئەم تەکنیکە جۆرێکە لە "کۆکردنەوەی پاشماوەکان" بۆ دروستکردنی مانا لەناو کاولکاریی پاش کارەساتدا. نووسەر لێرەدا زۆر بە وردی کار لەسەر بنیادی "خێزانی تێکشکاو" دەکات. پەیوەندیی نێوان بوشرا و نوورا (خەسووی) تەنیا کێشەیەکی خێزانیی باو نییە، بەڵکو ململانێی دوو جۆر لە ترۆما و دوو جۆر لە بێدەنگییە. نوورا کە ناوی خۆی گۆڕیوە و مێژوویەکی پڕ لە نهێنیی هەیە، نوێنەرایەتی ئەو ڕابردووە دەکات کە نایەوێت ڕاستییەکان بدرکێنێت، لە بەرانبەریشدا بوشرا نوێنەرایەتیی ئەو نەوەیەیە کە دەیەوێت لە ڕێگەی "ناونان و نووسینەوە"وە خۆی ڕزگار بکات. لێرەدا زمان دەبێتە چەکێک بۆ شەڕی نێوان "شاردنەوە" و "ئاشکراکردن". ئەو "ئاردی ناو دڕک"ـەی کە تابان باسی دەکات، ڕێک مێتافۆری ئەو ڕاستییەیە وا دەرکردنی لە دەمی کارەکتەرەکان وەک بریندارکردنی جەستەیە.

لە ڕوانگەیەکی ئابووریی کۆمەڵناسییەوە ڕۆمانەکە تیشک دەخاتە سەر دیاردەیەکی مەترسیدار کە ئەویش "بازرگانیکردنە بە کارەسات"ـەوە. بورهان زنجاری کە کارەکتەرێکی ڕەش و مۆتەکەئامێزە، هێمای ئەو چینەیە لەناو جەرگەی خوێن و ئەنفالدا ئێسکوپرووسکی مردووەکانیان کردووە بە کاڵا. ئارام محەممەد لێرەدا ڕەخنەیەکی توند لە "ئاکاری مێژوویی" دەگرێت؛ چۆن دەکرێت نەتەوەیەک بۆ دۆزینەوەی باوکی خۆی، پارە بداتە بکوژەکان؟ ئەمە ئەو "کۆمیدیا ڕەشـە"یە کە ژیانی کارەکتەرەکانی تەنیوە. مستەفا و بوشرا کە پەنا دەبەنە بەر زنجاری بۆ دۆزینەوەی ئێسکوپرووسکی باوکیان، لە ڕاستیدا دەچنە ناو کایەیەکی مارکسییانەوە کە تێیدا "هەستی مرۆیی" وەک دراو دەبێتە "بەهای ئاڵوگۆڕ". بەشی دووەمی ڕۆمانەکە لە ڕووی تەکنیکییەوە لە نیشاندانی "دارمانی بەهاکان"ـدا زۆر سەرکەوتووە. نووسەر بە زمانێکی پڕ لە توانج و پلار باس لەو دوکانی ئێسکوپرووسکانە دەکات کە لە شاردا کراونەتەوە. لێرەدا "ئێسک" تەنیا پاشماوەیەکی بایۆلۆجی نییە، بەڵکو "ناسنامەیەکی کڕدراوە". ئەمە جۆرێکە لە بەبتکردنی کاڵا کە تێیدا مرۆڤ ونبوو دەبێتە کاڵایەکی گرانبەها بۆ دەوڵەمەندکردنی تاوانبارەکان. ئارام محەممەد لێرەدا پەردە لەسەر برینێکی قووڵی کۆمەڵایەتی لا دەدات کە تێیدا قوربانی ناچارە داوای یارمەتی لە جەلاد بکات بۆ ئەوەی پارچەکانی خۆی کۆ بکاتەوە.

یەکێک لە خاڵە هەرە درەوشاوەکانی ڕۆمانەکە تەکنیکی "گێڕانەوەی سینەمایی"ـیە لە وەسفکردنی دیمەنەکانی نەخۆشخانە و بیاباندا. نووسەر وەک کامێرایەک دەچێتە ناو وردەکاریی پێستی سووتاو، چاوی کێمگرتوو و، ئەو بۆنە تیژانەی کە لەناو داڵانەکانی نەخۆشخانەی کۆماریدا پەنگیان خواردووەتەوە. ئەم وەسفە میکرۆسکۆپییە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر "ترس" تاقی بکاتەوە، نەک تەنیا بیخوێنێتەوە. ئەم شێوازە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە "ئیستێتیکای قێزەون" ناسراوە. لێرەدا جوانی لە وەسفکردنی ناشرینییەکاندایە تا ڕاستییە تراجیدییەکە بە تەواوی بگات. بۆ نموونە، کاتێک تابان باس لەو پیاوە بێدەستە دەکات هەنار دەفرۆشێت، نووسەر لێکچوواندنێکی قووڵ بۆ "کەمئەندامیی مێژوویی" دەسازێنێت. ئێمە نەتەوەیەکی بێدەستین کە هەنارەکانمان (خەونەکانمان) لێ دەڕژێت و ناتوانین کۆیان بکەینەوە. هەروەها بەکارهێنانی "ڕەنگەکان" (سپێتیی کراسەکەی حوسێن بەرانبەر بە ڕەشیی عەباکەی بوشرا) جۆرێک لە دژەیکیی بینایی دروست دەکات کە ململانێی نێوان هیوا و بێهیوایی نیشان دەدات. بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵێکی لاوازی ئەم بەشە ئەوەیە کە هەندێک جار نووسەر ئەوەندە دەچێتە ناو وردەکاریی "ئازار"ەوە کە جڵەوی گێڕانەوەی گشتیی لە دەست دەردەچێت و دەقەکە بەرەو "ڕاپۆرتێکی پزیشکی" دەڕوات، هەرچەندە ئەمەیش دەکرێت وەک تەکنیکێک بۆ "ئیفلیجکردنی خوێنەر" ببینرێت.

دەبێت ئاماژە بە بنیادی "خەونە مۆتەکەییەکان" بکەین کە وەک تانوپۆی ڕۆمانەکە کار دەکەن. خەون لێرەدا تەنیا پشـــوویەکی کارەکتەرەکان نییە، بەڵکو "کایەیەکی جێگرەوەی ڕاســـتی"ـــــیە. لە جیهانێکدا کە ڕاســـتی لێڵە، خەونەکان ڕاســـتگۆترن. بوشرا کە لەناو باڵەخانە بەرزەکەدا خەون بە پێڵاوە دزراوەکانیەوە دەبینێت، لە ڕاســـتیدا باس لە "دەســـتبەســـەرداگرتنی داهاتوو" دەکات. ئارام محەممەد لێرەدا دەیەوێت نیشـــانمان بدات کە چۆن ترۆما وەک "گرێیەکە" کە هەرگیز ناکرێتەوە. ئەم ڕۆمانە ئاوێنەی باڵانوێنە بۆ ئەو کەسانەی کە "ناوی خۆیان بیر نەماوە" بەڵام "ئازاری خۆیان لە بیرە".

## زمان وەک دوا سەنگەری بوون لە بەردەم هەڵوەشانەوەی مێژوویدا

ئێسـتا دەگەینە خاڵی وەرچەرخانە گەورەکە کە تێیدا هەموو هێڵە درامییەکان لەناو فەزایەکی کۆتاییی دنیایانە و مۆتەکەئامێزدا یەک دەگرنەوە. دیمەنی باڵەخانە بەرزە بێدەنگەکە لە کۆتاییی ڕۆمانەکەدا کە بوشرا تێیدا وەک زیندانییەک یان وەک سـێبەرێکی وێڵ دەردەکەوێت، لووتکەی گوزارشـتکردنە لە "بێشـــوێنیی مۆدێرنە". ئەم بـاڵەخـانەیە بەو پەنجەرە کراوە تـاقـانەیەی کە ڕوونـاکیی تێـدایە، نوێنەرایەتیی جۆرێک لە زیندانی خڕ دەکات وەک ئەوەی میشـێل فوکۆ باسی لێوە دەکات؛ شـوێنێک کە تێیدا دەسەڵات نادیارە بەڵام چاودێریی هەموو جومگەکانی ژیان و یادەوەری دەکات. بوشرا کە بە کوتەکێکی ئاسن پلیکانەکان دەشکێنێت، لە ڕاستیدا خەریکی "هەڵوەشاندنەوەی بنیادی کات"ـــە. شکاندنی پلیکانەکان لێرەدا لێکچوواندنێکی قووڵە بۆ پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ سەرەوە (داهاتوو) و خوارەوە (ڕابردوو). نووســـەر لێرەدا نیشـــانمان دەدات کە مرۆڤ کاتێک ناســـنامە و ناوی لێ زەوت دەکرێت، تەنیا لە ڕێگەی "تێکشکاندنی فۆرمەکان"ـــەوە دەتوانێت هەست بە بوونی خۆی بکات. ئەم باڵەخانەیە هێمای ئەو "دیوارە بەرزە"یە وا لە نێوان مرۆڤی تێکشـــکاو و ڕاســـتیدا کێشراوە؛ شـــوێنێک کە تێیدا "هەموو ژنێک بچێتە ناوی، دەکوژرێت"، ئەمەیش ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ ئەو سنوورە قەدەغەکراوانەی مێژووی پیاوسالاری و سیاسی بۆ ژنی کورد کێشاویەتی.

دیمەنی کۆتاییی ڕۆمانەکە کە تێیدا بوشرا بەرانبەر بە چیاکان ڕادەوەســتێت و ناوی خۆی بیر نەماوە، گوزارشتێکی بەهێزی "بوونناسی"ـــیە. لێرەدا "ناو" کە مۆرکێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییە، دەسڕێتەوە و

تەنیا "جەستە و دەنگ" دەمێننەوە. ئارام محەممەد لێرەدا تەکنیکی "کۆتایی کراوە"ی بە کار هێناوە، بەڵام کراوەییەک کە پڕە لە کێشــکردنی مەرگ. بوشرا کـاتێـک دەڵێـت "حەزم لە مردنە"، ئەمە نیشــانەی بێهیواییەکی ســادە نییە، بەڵکو گەیشــتنە بەو خـاڵەی کە ژان پۆل ســارتر وەک "دڵتێکچوون" لە بەردەم بوونێکی بێمانادا وەســفی دەکات. ئەو "پەڕۆ ســپییە"ی کە لە لووتی بوشرا نزیک دەکرێتەوە تا بێهۆش ببێت، لێکچواندنە بۆ هەموو ئەو هەوڵە ســیاسی و کۆمەڵایەتییانەی بۆ "بێهۆشــکردنی یادەوەریی نەتەوەیی" دەدرێن. بکوژەکان لێرەدا دەمامکدارن؛ ئەوان بێناون، چونکە بکوژ لە مێژوودا هەمیشـە وەک سیسـتمێکی نادیار کار دەکات. نووسـەر توانیویەتی "فەزای ترس" بە جۆرێک بنیاد بنێت کە سروشــت (دارســتان و چیا) ئیتر شــوێنی پەناگە نین، بەڵکو دەبنە شــایەتی کوشـتارە نوێیەکان. ئەمە گەڕانەوەیەکی تراجیدییە بۆ "خاڵی سـفر"ی مێژوو؛ ئەو شـوێنەی کە تێیدا مرۆڤ تەنیا بە قیژەکەی دەناسرێتەوە.

قیژەی کۆتـایی ڕۆمـانەکە: "دایە..."، لووتکەی ئیســتێتیکـای دەقەکەیە. لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشـیکارییەوە "دایە" تاکە وشـەیە کە پێش "ناو" و پێش "زمان" دێت. ئەم وشـەیە گەڕانەوەیە بۆ ناو "کایەی دایکانە" وەک ئەوەی یولیا کریســتێڤا باسی دەکات. کاتێک بوشرا ناوی خۆی و ناوی مســتەفا و هەموو ناوەکانی تری بیر دەچێتەوە، تەنیا ئەم وشــەیە دەمێنێتەوە چونکە ئەمە وشــەی "ڕەگ"ــــە. ئەم قیژەیە کە "چیاوچیا دەڕوات"، تەنیا هاوارێکی ســادە نییە، بەڵکو "دوا ســەنگەری مـانا"یە. ئـارام محەممەد لێرەدا نیشــــانمـان دەدات کە لە دوای هەڵوەشــــانەوەی هەموو بنیـادە کۆمەڵایەتی و سـیاسـییەکان و لەناو جەرگەی جینۆسـایدێکی بەردەوامدا، زمان دەگەڕێتەوە بۆ شـێوە سەرەتاییەکەی کە "دەنگ"ــە. ئەم قیژەیە "ئەرشیفێکی دەنگی"ــیە بۆ هەموو ئەو ئازارانەی لەناو ڕۆمانەکەدا باس کراون؛ قیژەی ســەلما لەناو زیلەکەدا، قیژەی تابان لەناو نەخۆشــخانەدا و، قیژەی ژیلان پێش خۆکوشــتن. ئەم ڕۆمـانە بە قیژەیەک کۆتـایی دێـت کە دەنگـدانەوەی هەموو ئەو بێدەنگییانەیە وا بە درێژایی دەقەکە خوێنەریان خنکاندبوو. لێرەدا، نووسـەر بە لێهاتوویییەوە "فۆرم" (کۆتاییەکی کورت و خێرا) لەگەڵ "ناوەڕۆک" (هەرەسی کۆتایی) یەک دەخات.

هەڵســەنگاندنی ڕەخنەیی گشـتی بۆ ڕۆمانەکە دەری دەخات کە ئارام محەممەد توانیویەتی "زمانێکی نوێ بۆ ترۆما" بدۆزێتەوە. یەکێک لە خاڵە هەرە بەهێزەکانی ئەم کارە دوورکەوتنەوەیە لە گێڕانەوەی کلاسـیکی و ڕاپۆرتئاسـا بۆ کارەسـاتی ئەنفال. دەبێت ئەوەیش بزانین کە ئەم تەکنیکی نووسـینە هەم بۆ نووسـەر و هەم بۆ خوێنەر ماندووکەرە. ئەو نەیویسـتووە مێژوومان بۆ بگێڕێتەوە، بەڵکو ویسـتوویەتی

"کاریگەریی مێژوو لەسەر مێشکمان" نیشان بدات. تەکنیکی "پچڕانی کات و شوێن" و بەکارهێنانی "لێکچوواندنی جەستەی نەخۆش" وەک ئاوێنەی نیشتمان، ئەم ڕۆمانە دەباتە ڕیزی ئەدەبیاتی جیهانیی ترۆما (وەک کارەکانی پۆڵ سێلان یان "نازە (Beloved)"ی تۆنی مۆریسۆن). بەڵام لە هەمان کاتدا، وەک ڕەخنەیەک، دەکرێت بڵێین کە هەندێک جار "ناڕوونیی زیاد لە پێویست" لە پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکاندا (وەک پەیوەندیی مستەفا و بوشرا لە کۆتاییدا) دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر لەناو تەمومژی دەقەکەدا ون ببێت. هەروەها گۆڕانی ناوی کارەکتەرەکان (وەک گۆڕانی ناوی گوڵزار بۆ نوورا) ئەگەرچی لە ڕووی سیمبولییەوە مانای "سڕینەوەی ناسنامە" دەدات، بەڵام لە ڕووی تەکنیکییەوە هەندێک جار باری گێڕانەوەکەی قورس کردووە. سەرەڕای ئەم تێبینییانە، "ناوی خۆیان بیر نەماوە" دەقێکی بێوێنەیە لە ڕووی "قووڵایی دەروونی" و "وێناکردنی ترس"ەوە.

ڕۆمانی "ناوی خۆیان بیر نەماوە" هەڵگری پەیامێکی گەورەیە: "بیرچوونەوەی ناو" مەرگی مرۆڤ نییە، بەڵکو مەرگی ئەو سیستەمەیە کە دەیەوێت مرۆڤ لەناو "ناوێکی دیاریکراو"دا کورت بکاتەوە. بوشرا کە لە کۆتاییدا "ناوی خۆی بیر نەماوە"، لە ڕاستیدا لە هەموو ئەو ناسنامە ساختانە ڕزگاری بووە کە مێژوو و خێزان و دەسەڵات بەسەریاندا سەپاندبوو. ئەو قیژەیە هیوایەکی تراجیدییە؛ هیوایەک کە تەنیا لەناو قوڵایی ئازاردا لە دایک دەبێت. ئارام محەممەد بەم ڕۆمانە توانیویەتی بیسەلمێنێت کە ئەدەبیاتی کوردی دەتوانێت کار لەسەر "برینە جیهانییەکان" بکات و لە ناوچەییبوونی ڕووداوەکان دەربچێت بەرەو "ئاسۆیەکی مرۆیی فراوان". ئەم ڕۆمانە وەک ئەو "سندووقە سوورە" وایە کە لە ناویدا ئیسکوپرووسکی یادەوەرییەکانمان هەڵگرتووە؛ خوێندنەوەی ئەم دەقە، وەک کردنەوەی ئەو سندووقەیە، پڕە لە بۆنی دیتۆڵ و خۆڵ و خوێن، بەڵام لە هەمان کاتدا پڕە لەو "ڕاستییە ڕووتە"ی کە تەنیا ئەدەبیاتی ڕاستەقینە دەتوانێت بەرەوڕوومان بکاتەوە. ئەم ڕۆمانە کۆتاییی ناوەکانە، بەڵام سەرەتای "دەنگ"ە.

### لە ئەرشیڤی وێنەکانەوە بۆ مۆسیقای بێدەنگی

لەم باسەدا پێویستە تیشک بخەینە سەر ڕەهەندێکی تری قووڵی ئەم ڕۆمانە کە لە باسەکانی پێشوودا کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە، ئەویش چەمکی "نامۆیی"ـیە. ئارام محەممەد لەم دەقەدا ژینگەی "ماڵ"

و "شـوێنە ئاشـناکان" دەگۆڕێت بۆ شـوێنی ترسـناک و نامۆ؛ لێرەدا ماڵ ئیتر شـوێنی حەوانەوە نییە، بەڵکو دەبێتە "مۆزەخانەی مۆتەکەکان". کارەکتەرەکان کاتێک لە ئاوێنەدا سـەیری خۆیان دەکەن، یان کاتێک مسـتەفا لەناو شـووقەکەیدا هەسـت بە کرمەکان دەکات، ئێمە لە بەردەم تێکشـکانی بنیادی "ئاشـنابوون"ـدایـن. ڕاسـتییەکەی، ئەم نامۆییە گوزارشـتە لەو دۆخە دەروونییەی مرۆڤی تێکشـکاوی کورد تێیدا دەژی؛ نیشـتمانێک کە دەبوو "ماڵ" بێت، بووەتە "گۆڕسـتان". نووسـەر بە لێهاتووییەوە تەکنیکی "ئیسـتێتیکای نامۆکردن"؟ی بەکار هێناوە؛ ئەو شـتانەی کە ڕۆژانە دەیانبینین (وەک نان، قاپوقاچاخ، عەتر، وێنە)، لێرەدا دەبنە ئامێری گواسـتنەوەی ترس. بۆ نموونە، وێنەی سوڵتان نەراف کە لە پشت سەری منداڵەکانەوەیە تەنیا یادگارییەک نییە، بەڵکو "چاوێکی چاودێر"ە کە ناهێڵێت نەوەی نوێ بژین. مرۆڤی ئەم ڕۆمانە لە هیچ شـوێنێکدا "لە ماڵی خۆی" نییە، چونکە یادەوەرییەکان ڕێگەی نادەن "ئێستا" ئەزموون بکات.

لایەنێکی تری زۆر گرنگی ڕۆمانەکە کە شایەنی شیکردنەوەی وردە، "پەیوەندیی مۆسیقا و دەنگ"ـە. نووسـەر لە چەندین جێگەدا ئاماژە بە مۆسـیقای سـەنتوور و گیتار دەکات وەک دوو جەمسـەری دەروونی. مۆسـیقا لێرەدا وەک "چارەسـەری ناتەواو" دەردەکەوێت؛ ئەگەر سـەنتوور گوزارشـت لە ڕابردوویەکی مەقامئامێز و غەمگین بکات، گیتارەکە لای مستەفا ئارەزوویەکە بۆ گەیشتن بە مۆدێرنە و دەربازبوون لە "گرێی باوک". ئارام محەممەد بە لێهاتووییەوە "هەسـتی بیسـتن"ـی کردووە بە بەشـێک لە بنیادی گێڕانەوە؛ خوێنەر تەنیا وێنەکان نابینێت، بەڵکو گوێی لە "چرکەچرکی کاتژمێر"، "هاژەی زێ" و، "گڤەی بای بیابان" دەبێت. ئەم تەکنیکە کە بە "پەیمانی دەنگی" ناسراوە، وا دەکات ترۆماکە نەک هەر ببینرێت، بەڵکو هەسـتی پێ بکرێت. مۆسـیقای حەمەسـاڵح دیلان کە تابان گوێی لێ دەگرێت، تەنیا گۆرانی نییە، بەڵکو "ئاوی دەروونی"ـیە بۆ شوشتنەوەی ئەو ژەنگەی ترۆما لەناو دەمارەکاندا دروسـتی کردووە. لێرەدا نووسـەر دەیەوێت بڵێت کە لە کاتی نەمانی "ناو"دا "ئاواز" دەبێتە تاکە ناسـنامەیەک کە مرۆڤ دەتوانێت تێیدا کڕ بکەوێت. مۆسـیقا لێرەدا دەبێتە "کاتی ناوەکی" بەرانبەر بە "کاتی فیزیکی" کە پڕە لە کوشتار.

ڤێرجینیا وۆڵف لە ڕۆمانی "ژوورێک بۆ خۆت یان ژووری خودی خۆت (A Room of One's Own)"دا داوای ژوورێکی سەربەخۆ دەکات بۆ ئەوەی ژن بتوانێت بنووسێت، بەڵام ژنانی ناو ڕۆمانی "ناوی خۆیان بیر نەماوە" تەنانەت لەناو ژوورەکانی خۆیشـیاندا زیندانین. ئارام محەممەد لێرەدا یارییەکی ژیرانە بەم دەقە جیهانییە دەکات؛ ئەو نیشـانمان دەدات کە "ژوورەکە" لای بوشرا و تابان

نەک نابێتە مەڵبەندی داهێنان، بەڵکو دەبێتە "کۆگای ئیســـکوپرووســـکەکان". ئەمە ڕەخنەیەکی بەهێزە لە بنیادی کۆمەڵایەتیی ئێمە کە تێیدا تەنیایی ژن هەمیشــە وەک "شــێتی" یان "تاوان" لێک دەدرێتەوە. نووســـەر لێرەدا توانیویەتی نیشــــانمـان بـدات کە مێژووی ژنی کورد مێژوویەکی "پەراوێزخراوە" کە تەنیا لەناو دەســـتنووســـە ســـووتاوەکانی ژیلاندا دەدۆزرێتەوە. ئەم پەیوەندییە لەگەڵ ئەدەبیاتی جیهانی، ڕۆمانەکە لە دەقێکی ناوچەیییەوە دەگۆڕێت بۆ دەقێکی جیهانی کە لە ئازاری "بوون" دەدوێت.

لە ڕۆمانەکەدا بیابان و خۆڵ نوێنەرایەتیی سڕینەوە و هەڵلووشـینی مێژوو دەکەن، لە کاتێکدا ئاســن (کوتەکەکە، ئۆتۆمبێلەکەی مســـتەفا، دەرگا کڵۆمدراوەکان) نوێنەرایەتیی هەوڵی مرۆڤ دەکەن بۆ مـانەوە یـان ڕووبەڕووبوونەوە. ئـارام محەممەد جۆرە "فیزیکێکی دەروونی" دروســــت کردووە؛ کـارەکتەرەکـان هەمیشــــە لەنێوان "نەرمیی لم" کە دەیـانشــــارێتەوە و "ڕەقیی پلیکـانەکـان" کە دەیانشـکێنێت، لە هاتووچۆدان. ئەم ململانێ ماددییە ڕەنگدانەوەی ململانێی چینایەتی و سـیاسـییە لە کوردســـتان؛ نەتەوەیەک کە دەیەوێت لە "لم"ی مێژووەوە ببێتە "ئاســن"ـــی دەوڵەت، بەڵام هەمیشە پلیکانەکانی لەژێر پێدا دەشکێن. نووسەر بە لێهاتووییەوە تەکنیکی "لێکچوواندنی بنیادی" بە کار هێناوە؛ باڵەخانە بەرزەکە وەک "تەلارێکی بیابانی" وێنا کراوە، شــوێنێک کە تێیدا تەکنەلۆجیا و مۆدێرنە (باڵەخانەکە) ناتوانن مرۆڤ لە بەربەریەت (کوشـــتن و ئەشـــکەنجە) بپارێزن. ئەمە ئەو خاڵەیە کە ئادۆرنۆ باسی دەکات کە چۆن مۆدێرنە دەبێتە جۆرێکی تری بەربەریەت ئەگەر لەســـەر خوێن بنیاد بنرێت.

خاڵێکی تری هەرە ســەرنجڕاکێش، "ئیســتێتیکای وێنەی فۆتۆگرافی"ـــیە لە ڕۆمانەکەدا. وێنەکان لە "ناوی خۆیان بیر نەماوە"دا تەنیا پارچە کاغەز نین، بەڵکو "بەڵگەی بوون"ـــن. کاتێک کارەکتەرەکان چاویان لە وێنەی باوک یان مێردەکانیان دەبڕن، ئەوان خەریکی جۆرێک لە "جادووی ڕەش"ـــــن بۆ گەڕاندنەوەی مردووەکان. لێرەدا وێنە وەک ئەوەی ڕۆلان بارت باسی دەکات، خاوەنی "پونکتوم" (Punctum)ـــــە؛ واتە ئەو خاڵە وردەی کە لەناو وێنەکەدا دەچێتە ناو ڕۆحی بینەرەوە و برینداری دەکات. ملوانکەکەی ملی حوســێن لەناو وێنەکەدا، یان ئەو کچە پرچکورتەی لە پەنا وێنەکەی حوسـێندایە، دەبنە هۆی دروسـتبوونی "گومانی مێژوویی". نووسـەر توانیویەتی وێنە بکاتە "دەقێکی هاوتەریب" کە مێژوویەکی جیاواز لەوەی دەسەڵات دەیگێڕێتەوە، پیشان بدات. لێرەدا وێنە تاکە شتە کە "ناو"ی تێدا پارێزراوە، بۆیە کاتێک بوشرا ناوی خۆی بیر دەچێتەوە، پەنا دەباتە بەر وێنەکان.

ئەمە ململانێی نێوان "یادەوەریی بایۆلۆجی" (مێشک) و "یادەوەریی تەکنیکی" (وێنە و دەستنووس)ە کە تێیدا مرۆڤی کورد بە هۆی ترۆماوە متمانەی بە مێشــکی خۆی نـامێنێت و تەنیا متمـانە بە "پاشماوەکان" دەکات.

لە باسی ئەم ڕۆمانەدا دەبێت باس لە "پەیوەندیی نێوان سروشـــت و کارەســـات" بکەین. ئارام محەممەد لەم ڕۆمانەدا سروشتی کوردستانی (چیا، دارستان، ڕووبار) وەک "ئەرشیڤێکی بێدەنگ" وێنا کردووە. چیاکان تەنیا پەناگە نین، بەڵکو ئەو شوێنەن کە "قیژەکان"ـــیان تێدا حەشار دراوە. ئەو دیمەنەی کە تێیدا شـۆفڵەکان خەریکی هەڵکەندنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانن لەناو دارستاندا نیشـاندەری "دەستدرێژیی مرۆڤە بۆ سەر پیرۆزیی زەوی". نووسەر بە زمانێکی پڕ لە جادووی وشە، باس لە "بۆنی لم" و "تـامی خوێن" دەکات کە وا دەکات ڕۆمـانەکە ببێتە ئەزموونێکی "هەســـتیی تەواو". ئـارام محەممەد لێرەدا وەک "شـــــاعیرێکی کـارەســـــات" دەردەکەوێـت کە توانیویەتی بێهیوایی بکـاتە کەرەســـتەیەک بۆ داهێنان. "ناوی خۆیان بیر نەماوە" تەنیا چیرۆکی چەند کارەکتەرێک نییە، بەڵکو مێژوویەکی نهێنیی نەتەوەیەکە کە لەناو "بێناونیشـــانی"ــــــدا بە دوای خۆیدا دەگەڕێت. نووســـەر ســـەلماندوویەتی کە ڕاســـتی هەمیشـــە لەناو "درزەکان"ــــدا نیشـــتەجێیە؛ لەناو ئەو وشـانەی کە نەگوتراون و لەناو ئەو ناوانەی کە بیر چوونەتەوە. ئەم ڕۆمانە وەک ئەو قیژەیە وایە کە لە کۆتاییدا لە چیاکانـدا دەنـگ دەداتەوە؛ ڕەنگە کەس نەزانێـت کێ قیژانـدوویەتی، بەڵام هەمووان دەزانن کە "ئازارێک هەیە و کۆتایی نایەت".

### تێپەڕین لە تراجیدیای ناوچەیی

پێویستە تیشک بخەینە سەر ڕەهەندێکی بابەتی و سیاسیی زۆر گرنگ کە ڕۆمانەکە دەباتە ناو کایەی بیرکردنەوەی جیهانییەوە، ئەویش چەمکی "ژیانی ڕووت"ــــــە کە جۆرجیۆ ئاگامبێن باسی دەکات. کارەکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، بە تایبەت ئەوانەی لەناو "زیل"ــــــەکاندا بەرەو بیابان دەبرێن یان ئەوانەی لەناو شـــوێنە پەراوێزییەکانی شـــاردا ناوی خۆیان بیر دەچێتەوە، نوێنەرایەتیی ئەو مرۆڤە دەکەن وا لە "بوونی یاسایی و سیاسی" داماڵراوە و تەنیا "بوونی بایۆلۆجی"ــــی ماوەتەوە. ئەم مرۆڤە ئاگامبێن ناوی دەنێت "مرۆڤی خوێنحەڵاڵ Homo Sacer"، ئەو کەســـیە کە دەکرێت بکوژرێت بەبێ ئەوەی بکوژەکەی وەک "تاوانبار" ســـەیر بکرێت. لە ڕۆمانەکەدا، ســـەلما یان ئەو منداڵەی

لەســەر ســنگی دایکی مردووی دەمێنێتەوە، وەک "ژیانێکی ڕووت" وێنا کراون؛ نیشــتمان بۆ ئەوان بووەتە "ئۆردووگایەکی گەورە" کە تێیدا یاسـا پەکی کەوتووە و تەنیا ویسـتی بکوژەکان حوکم دەکات. نووسـەر بە زمانێکی پڕ لە ئیدیۆمی وەک "ژیانیان لێ بووە بە چەرمی چۆلەکە"، گوزارشـت لەو ناسکی و بێپەناییە دەکات کە مرۆڤی کورد لە بەردەم ماشــینە گەورەکانی سڕینەوەدا هەیەتی. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە مێژووی ئێمە لە "مێژوویەکی مرۆیی"ـــیەوە دەگۆڕێت بۆ "ئەرشیفێکی بایۆ-پۆلەتیکی" کە تێیدا مرۆڤەکان تەنیا ژمارە و پاشماوەی جەستەیین.

لایەنێکی تری بنیادی کە شـــایەنی باســـە، تەکنیکی "تاریکایی فەزا" و ململانێی نێوان "قووڵایی و بەرزایی"ـــیە. ئارام محەممەد لەم ڕۆمانەدا دوو شوێنی دژبەیەک بە کار دەهێنێت: "زیل"ــەکە (کە ئاسۆیی دەڕوات و مرۆڤ بەرەو چاڵ و قووڵاییی بیابان دەبات) و "باڵەخانە بەرزەکە" (کە ستوونییە و بوشرا تێیـدا هەوڵی هەڵکشـــان دەدات). ئەم دوو تەوەرە لێکچووانـدنێکی قووڵی "جوگرافیـای دەروونی"ن. مرۆڤی ئەم ڕۆمانە یان لەناو قووڵاییی مێژوودا نێژراوە، یان لە بەرزاییی مۆدێرنەدا تووشی "ســەرســووڕان" بووە. کاتێک بوشرا لە قاتی چواردەیەمی باڵەخانەکەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو لە "بەرزاییەکی بێمانا"دایە؛ شوێنێک کە تێیدا پەیوەندیی لەگەڵ "زەوی" و "ڕەگ" پچڕاوە. ئەم "بێمانایی شــوێنە" وای کردووە کە کارەکتەرەکان تەنانەت کاتێک ناوی خۆیشــیان بیر دێتەوە، شـوێنێک شـک نەبەن تێیدا نیشـتەجێ بن. نووسـەر بە لێهاتووییەوە تەکنیکی "پێکهاتەی ڕیشاڵی"ــی بە کار هێناوە، بەو مانایەی کە چیرۆکەکان سەر و بنێکی دیاریکراویان نییە، بەڵکو وەک تۆڕێکی ئاڵۆزی ڕیشاڵی لەژێر زەویی یادەوەریدا بە یەک دەگەنەوە.

لە ڕوانگەی "ئیستێتیکای پاشماوەکان"ەوە کارەکتەری مستەفا و پرۆژە بچووکەکەی بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبێل، هێمایەکی قووڵی "هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی کات"ـــــە. مســتەفا کە دەیەوێت شــتێکی میکانیکی دروســـت بکات، ڕاســتییەکەی دەیەوێت لەو "شــێواوییە دەروونییە" ڕزگاری ببێت کە مێژووی باوکی بۆی بە جێهێشــتووە. بەڵام وەک دەبینین، ئەویش لە کۆتاییدا لە ئەردەن دوچاری "هەرەس" دەبێت. ئەمە ئەو ڕەخنە بنیادییەیە کە ڕۆمانەکە لە "خەونی ڕزگاریی تەکنیکی" دەیگرێت. مرۆڤی کورد ناتوانێت بە دروســتکردنی ئۆتۆمبێل یان بە ســەفەرکردن بۆ دەرەوە لەو "ســـندووقە ســـووره" ڕزگاری ببێت کە یادەوەرییەکانی تێدا نێژراوە. ئارام محەممەد لێرەدا بە زمانێکی پڕ لە مانا دەڵێت: "ئەو کەســەی ناوی خۆی بیر نەماوە، جیهانیش نایناســێتەوە". ئەم ململانێیەی نێوان "خودی تێکشــکا و" و "جیهانی بێدەنگ" لایەنێکی لاوازی کارەکتەرەکان پیشــان دەدات کە ئەویش

"نەبوونی ویستی گۆڕانکاری"ـــیە، بەڵام ئەمە لاوازییەکی بەئەنقەستە کە نووسەر ویستوویەتی وەک نیشـانەی ترۆما پیشـانی بدات. کارەکتەرەکان لێرەدا وەک "بووکەڵەی دەسـتی قەدەر" دەردەکەون، ئەمەیش گەڕانەوەیە بۆ بنیادی تراژیدیا یۆنانییەکان لە بەرگێکی هاوچەرخدا.

یەکێکی تر لە بابەتە گرنگەکان "برین"ـە وەک نیشانە لە گێڕانەوەکانی تاباندا. تابان کە بەردەوام باس لە "سەرئێشە" و "مارەکەی ناو سەری لەیلان" دەکات، ڕاستییەکەی ئەوەیە خەریکی خوێندنەوەی "دەقی جەسـتە"یە. لێرەدا برین تەنیا شـوێنەواری توندوتیژی نییە، بەڵکو نیشـانەیەکی زمانەوانییە. کاتێک کارەکتەرەکان وشـەیان نییە بۆ وەسـفی مێژوو، پەنا دەبەنە بەر نیشـانە بایۆلۆجییەکان. ئارام محەممەد توانیویەتی زمانێکی نائاسـایی بۆ کارەکتەرەکانی دابتاشـێت؛ زمانێک کە تێیدا "بێدەنگی" لە "قسـەکردن" بەهێزترە. ئەم تەکنیکە کە لای سـاموێل بێکێت دەبینرێت، لێرەدا تەکنیکەکە کراوەتە کوردی؛ ئەو بێدەنگییە پڕە لە "هاواری نەبیسـتراو". نووسـەر بە لێهاتووییەوە نیشـانمان دەدات کە چۆن کۆمەڵگە لە ڕێگەی "نووشتە و نزا"وە دەیەوێت برینە مێژووییەکان سارێژ بکات، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە شـــکســـت دەهێنن، چونکە برینەکە لەناو "ناو"دایە، نەک لەناو "خوێن"ــــدا. ئەم ململانێیەی نێوان "زانســـتی پزیشـــکی" و "جـادووی کۆمەڵایەتی" یەکێکە لە تەوەرە هەرە سـەرنجڕاکێشـەکانی ڕۆمانەکە کە ئاماژەیە بۆ "قەیرانی مەعریفە" لەناو نەتەوەیەکدا کە متمانەی بە ڕاستی نەماوە.

پێویســـتە ئاماژە بە "ئیســـتێتیکای پاشکارەســـات" بکەین لە وێناکردنی باڵەخانە بێدەنگەکە و ئەو چەکدارانەی بوشرا دەبەن. ئەم دیمەنـانە نیشـــانەی ئەوەن کە کـارەســـات لە مێژووی ئێمەدا "ڕووداوێک نییە کۆتایی هاتبێت"، بەڵکو "دۆخێکی بەردەوامە". ئارام محەممەد ناپرســـێت "بۆ هاتین؟"، بەڵکو دەپرسـێت "ئەگەر ناومان نەبێت، کێین؟". ڕۆمانی "ناوی خۆیان بیر نەماوە" وەک ئـاوێنەیەک وایە نیشـــتمـانێکی تێـدا دەبینرێـت کە نـاوی خۆی بیر چووەتەوە و تەنیـا لە ڕێگەی قیژەکانیەوە دەناسرێتەوە. ئەم دەقە بانگەوازێکە بۆ ڕامان لەو "بێدەنگییە گەورەیە"ی کە باڵی بەسـەر مێژووماندا کێشاوە. نووسـەر سـەلماندوویەتی کە تەنیا ئەدەبیات دەتوانێت لەو شـوێنەدا قسـە بکات وا مێژوو تێیـدا زمـانی مۆر بووە. ئەمە کۆتـایی نـاوەکانە، بەڵام دەســـتپێکی هۆشـــیارییەکی نوێیە؛ هۆشیارییەک کە تێیدا "قیژە" دەبێتە تاکە ناسنامەیەک کە مێژوو ناتوانێت بیسڕێتەوە.

## ململانێی نێوان ڕەوشتی گێڕانەوە و ملهوڕیی مێژوو

چەمکی "چەقی پێوار (غائب)" (The Absent Center) بابەتێکی تری زەقی ئەم ڕۆمانەیە. لە تەواوی ڕۆمانەکەدا کارەکتەری سوڵتان نەراف وەک باوک و وەک بنیادێکی سەرەکی پێوار(غائب)ــە، بەڵام هەموو ڕووداوەکان لە دەوری ئەو دەســووڕێنەوە. ئەمە ڕێک ئەو خاڵەیە کە جاک لاکان لە دەروونشیکاریدا بە "ناوی باوک" (The Name of the Father) ناوی دەبات. کاتێک باوک وەک "یاســا" و وەک "ناســنامە" لە مێژوودا بزر دەکرێت، نەوەکانی دوای ئەو تووشی جۆرێک لە دەروونشێواوی دەبن؛ چونکە ئەو بنیادە هێماییەی وا دەبێت ناسنامەیان پێ ببەخشێت، هەرەسی هێناوە. ئارام محەممەد لێرەدا نیشــانمان دەدات کە "بیرچوونەوەی ناوەکان" تەنیا گرفتێکی تاکە کەسی نییە، بەڵکو ئەنجامی ئەو بۆشــاییە گەورەیەیە کە بێســەروشــوێنکردنی باوکەکان لەناو جەســتەی نەتەوەدا دروســتی کردووە. نووســەر بە لێهاتووییەوە تەکنیکی "دەنگەدانەوە لەناو بۆشایی"ــدای بە کار هێناوە؛ کارەکتەرەکان هاوار دەکەن بەڵام وەک ئەوەی لەناو بیرێکی قووڵدا بن، دەنگیان تەنیا بۆ خۆیان دەگەڕێتەوە. ئەمە لێکچوواندنی نەتەوەیەکە کە "چەقی مێژوویی"ــی خۆی لێ زەوت کراوە و لەناو پەراوێزەکاندا سەرگەردانە.

بابەتێکی تری هەرە گرنگ کە پێویستە بە وردی شی بکرێتەوە، "پاشماوە و قێزەونی"ــیە. نووسەر لە ڕۆمانەکەدا زۆر بە چڕی کار لەسەر "پاشماوەکان" دەکات؛ وەک: مێرووله، کرم، بۆنی دیتۆڵ، کێم و زووخاو، جلی پیس و، تۆزوخۆڵی سەر ئاوێنەکان. ئەم شتانە تەنیا وەسفی ژینگە نین، بەڵکو نیشانەی "هەڵوەشانەوەی مرۆڤ"ــن. "قێزەونی" ئەو خاڵەیە کە تێیدا سنووری نێوان "من" و "ئەوی تر"، نێوان "ژیان" و "مەرگ" تێک دەچێت. کاتێک بوشرا لەناو قاپە پیسەکاندا سەیری کرمەکان دەکات، یان کاتێک کاژین باوەش بە ئیسکوپرووسکەکاندا دەکات، ئەوان لەناو کایەی "قێزەونی"ــدا دەژین. ئارام محەممەد لێرەدا ڕاستییەکی تاڵمان پێ دەڵێت: مێژووی ئێمە لە "پاشماوەکان" دروست بووە. ئەمە جۆرێکە لە "بەرگریی ماددی"؛ کاتێک ناوەکان دەسڕێنەوە، تەنیا "پاشــماوە قێزەونەکان" دەبنە بەڵگەی ئەوەی کە ڕۆژێک لێرە "مرۆڤ" هەبووە. نووســەر لێرەدا ترس نەک لە جنۆکە، بەڵکو لەو "گۆشت و خوێنە"یە کە مێژووی سیاسی کردوویەتی بە پاشماوە.

له ڕووی ڕەوشـــتی گێڕانەوەوە ڕۆمـانەکە پرســـیارێکی جەوهەری دەورووژێنێـت: چۆن دەکرێـت کارەساتێک بگێڕدرێتەوە کە خۆی "بێزمان"ــــە؟ ئارام محەممەد لێرەدا پەنای نەبردووە بۆ سۆزدارێی هەرزان بۆ ڕاکێشــانی بەزەیی خوێنەر، بەڵکو شــێوازێکی دڵڕەقانەی بە کار هێناوە. ئەو ڕاســتییەکان وەک برینێکی کراوە پیشــــان دەدات. خوێنەر ناچار دەکات بۆنی خوێن و تامی لمەکە بکات. ئەمە جۆرێکە لە ئەشــکەنجەدانی خوێنەر تا بتوانێت لە دۆزەخی کارەکتەرەکان تێ بگات. لە ڕوانگەی ڕەخنەییەوە، ئەمە خـاڵی هەرە بەهێزی ڕۆمـانەکەیە؛ گۆڕینی ئـازار لە بـابەتێکی گێڕانەوەوە بۆ "ئەزموونێکی جەستەیی" لای خوێنەر. بەڵام ئەم شێوازە لە هەمان کاتدا مەترسیی "پووچگەرایی"ــی تێدایە، چونکە کارەکتەرەکان هێنـدە لەناو ئازاردا نوقمن کە هیچ دەرچەیەک بۆ جووڵە و کردەوە نـامێنێتەوە. ئەوان تەنیـا پەرچەکردارن بەرانبەر بە ملهوڕیی مێژوو. ئەمەیش ڕەنگـدانەوەی دۆخی "ئیفلیجیی سیاسی"ـیە لە کۆمەڵگەی پاش‌کارەساتدا کە تێیدا مرۆڤ تەنیا دەتوانێت چاوەڕێی مەرگی خۆی بکات.

لە لایەکی ترەوە، بوشرا کە لەناو کۆڵانەکاندا وێڵە، یان تابان کە لەناو ژوورەکاندا دێت و دەچێت، ئەوان خەریکی کێشـانی "نەخشـەی شـێتی"ـــن. ڕاسـتییەکەی، ئەم جووڵانە هێڵەکانی هەڵاتنن لەو بنیادە ســـەرکوتکەرەی کە دەیەوێت لەناو "ناوێکی دیاریکراو"دا زیندانییان بکات. شـێتی لێرەدا نەک وەک نەخۆشی، بەڵکو وەک شـــێوازێکی بەرگری دەردەکەوێـت. کـاتێـک بوشرا نـاوی خۆی بیر دەچێتەوە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو "دەبێتە هەموو کەس و هیچ کەس". ئەو لەو سنوورە تەسکانە دەردەچێت کە سیستم بۆی کێشاوە. ئارام محەممەد هەوڵی داوە نیشانی بدات چۆن واقیع بۆ ئەم کارەکتەرانە تەسـک بووەتەوە. ئەم پچڕانی دەروونییە ڕەنگدانەوەی پچڕانی جوگرافیای کوردســتانە؛ نەتەوەیەک کە یادەوەرییەکەی شـێتۆکەییانەیە، چونکە ناتوانێت لەنێوان "ڕابردوویەکی خوێناوی" و "داهاتوویەکی نادیار"دا هاوسەنگی دروست بکات.

خاڵێکی تری هەرە ســــەرنجڕاکێش کە تا ئێســـتا بە تەواوی ڕوون نەکراوەتەوە، "تیۆریی مۆنتاژ"ە لە بنیادی ڕۆمانەکەدا. ئارام محەممەد وەک دەرهێنەرێکی سینەمایی پارچە جیاوازەکانی مێژوو (ئەنفال، شــەڕی ناوخۆ، کرێچییەتی، غەریبی لە هەندەران)ی بە یەکەوە "مۆنتاژ" کردووە. ئەمە وای کردووە کە خوێنەر هەست بە "تێکچوونی کات" بکات. ئەم شێوازە لە ڕەخنەی پۆست-سترەکچەریزمدا بە "کۆلاژی مێژوویی" دەناسرێت. واتە پارچەپارچەی ڕووداوەکان دەهێنێت و هەریەکەو لە شـــوێنێک دادەنێیت و ڕۆمانەکەتی لێ دروســـت دەکەیت نەک ئەوەی بە هێڵێک بیانگێڕیتەوە. نووســـەر

دەیەوێت بڵێت کە ئازاری مرۆڤی کورد "یەکپارچە" نییە، بەڵکو کۆمەڵێک تراجیدیایە کە بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون. ئەو ئیسکوپرووسکەی کاژین دەیگێڕێتەوە، هەمان ئەو "تۆز"ەیە کە لەسەر ئاوێنەکەی بوشرا نیشتووە. ئەم پەیوەندییە ژێرخانەییەی نێوان مادده و مێژوو ڕۆمانەکە دەباتە ئاستێکی جیهانی، چونکە باس لە "تەنیایی مرۆڤ لە بەردەم ئامێرە گەورەکانی مەرگ"دا دەکات. خاڵە لاوازەکەی دەقەکە لێرەدا دەردەکەوێت کە هەندێک جار "بۆشاییە گێڕانەوەییەکان" ئەوەندە گەورەن کە خوێنەری ئاسایی ناتوانێت پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکان بدۆزێتەوە، هەر بۆیە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە بۆ خوێنەری ئاسایی زۆر قورسە، بەڵام ئەمە بۆ خوێنەرێکی بژاردە و ڕەخنەگر خاڵی هێزە؛ چونکە ڕێگە دەدات خوێنەر خۆی ببێتە "هاوکار" لە نووسینەوەی دەقەکەدا. نموونەیەک لە بۆشاییە گێڕانەوەییەکان: نووسەر لە سەرەتادا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پێمان ناڵێت کێ کچی کێیە یان چۆن ئەم خێزانانە بە یەکەوە بەستراونەتەوە. ئێمە چیرۆکی سەلما دەخوێنینەوە لەناو زیلەکەدا، پاشان باز دەدەین بۆ چیرۆکی تابان و بوشرا. خوێنەری ئاسایی لەوانەیە بپرسێت: "ئەمانە چ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە هەیە؟" نووسەر "بۆشایی"ی خستووەتە ئەم پەیوەندییەوە. تەنیا خوێنەرێکی ورد دەتوانێت لە ڕێگەی نیشانەکانەوە (وەک ئێسکەکان، سەعاتەکە، یان ملوانکەکە) تێ بگات کە ئەمانە یەک مێژوو و یەک ڕەگ پێکەوەیان دەبەستێتەوە. بۆشاییی تریش هەیە وەک ئەوەی مستەفا کە بڕیار دەدات بچێت بۆ ئەردەن و بڕیاری خۆکوشتن بدات. ئەم کارەی مستەفا هۆکارەکەی لە دەقەکەدا نییە، خوێنەری ئاسایی دەپرسێت: "بۆچی هێندە بە خێرایی بڕیاری دا؟" نووسەر لێرەدا بۆشاییەکی گەورەی لەناو "نەستی" مستەفادا دروست کردووە. خوێنەری پیتۆڵ تێ دەگات کە ئەم بۆشاییە نیشانەی ئەوەیە مستەفا هێندە لە ناوەوە ڕزیوە کە ئیتر هیچ هۆکارێکی لۆگیکیی پێویست نییە بۆ هەڵوەرینی.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین ڕۆمانی "ناوی خۆیان بیر نەماوە" تەنیا دەقێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو "تاقیگەیەکی زمانی"یە بۆ تاقیکردنەوەی بەرگەگرتنی مرۆڤ لە بەردەم سڕینەوەدا. ئارام محەممەد توانیویەتی "بێدەنگی" بکاتە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە. ئەو نیشانمان دەدات لە وڵاتێکدا کە "ناوەکان" تێیدا دەبنە بارێکی گران، "لەبیرچوونەوە" دەبێتە تاکە ڕێگەی مانەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا "مەرگی ڕۆح"یشە. ئەم ڕۆمانە وەک ئەو "قیژە چیاوچیا"یە وایە کە لە کۆتاییدا دەبیسترێت؛ قیژەیەک کە ناتوانرێت ناو بنرێت، بەڵام هەموو کەس تامی ئازارەکەی دەناسێتەوە. ئەمە کۆتایی مێژووی "ناونراوەکان"ـە و دەستپێکی مێژووی "هاوارەکان"ـە. ئارام محەممەد بەم بەرهەمە، نەک هەر ئەدەبیاتی کوردی دەوڵەمەند کردووە، بەڵکو "ئەرشیفێکی ڕەوشتی"ـی بۆ نەوەکانی داهاتوو بە

جێ هێشــتووه تا بزانن که ڕۆژگارێک مرۆڤ لێره هەبووه که تەنانەت "ناو"یشــیان لێ زەوت کرابوو، بەڵام "ڤیژەکەیان" هێشتا له چیاکاندا دەنگ دەداتەوه.

**سەرچاوەکان:**


١. Ricoeur, Paul, Memory, History, Forgetting, p. 44, University of Chicago Press, 2004.

٢. دوبووار، سیمون، جنس دوم، ترجمه: قاسم صنعوی، ص ٣١٢، انتشارات توس، تهران، ١٣٨٢.

٣. Bakhtin, Mikhail, Problems of Dostoevsky's Poetics. Edited and translated by Caryl Emerson. University of Minnesota Press, 1984.

٤. شایگان، داریوش، آسیا در برابر غرب، ص ١٤٥، انتشارات امیرکبیر، تهران، ١٣٩٢.

٥. مجموعة من الباحثين، ليوتار والوضـــع ما بعد الحداثي، إشراف وتحرير: د. أحمد عبد الحليم عطية، الهيئة العامة لقصور الثقافة بالقاهرة،٢٠١٧.

٦. رولان بارت، أسطوريات، ترجمة: قاسم المقداد، ص ١١٠، دار نينوى٢٠١٧.

٧. احمدی، بابک، حقیقت و زیبایی: درس‌های فلسفه‌ی هنر، ص ٢٤٥، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٠.

٨. شـایگان، داریوش، افسـون‌زدگی جدید: هویت چهل‌تکه و تفکر سـیار، ص ٢١٢، انتشـارات فرزان روز، تهران، ١٣٩٦.

٩. أدرنو، تيودور ف.، جدلية ســلبية، ترجمة: ناجي العونلي، ص ١١٢، منشــورات الجمل، العراق، ٢٠٢٣.

١٠. آل أحمد، جلال، غرب‌زدگی، ص ٩٢، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٨.

١١. فتحي صديق، السيد البدوي، مختارات من كتابات جاك لاكان (أعظم محلل نفسي فرويدي في أوربا)، مكتبة الأنجلو المصرية، قاهرة، ٢٠٢٢.